# نیقابپۆشی و کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی

پ.د. میدیا ابراهیم فتاح

media.fatah@soran.edu.iq

بەشی کۆمەڵناسیی و کاری کۆمەڵایەتی/ فاکەڵتی ئاداب/ زانکۆی سۆران

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە : ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختەی توێژینەوە**

ئامانجی توێژینەوە دەرخستنی کاریگەری نیقابپۆشییە لەسەر کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکار هاتووە، بۆ کۆکردنەوەی داتاکان شێوازی فۆکەس گروپ پەیڕەو کراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەی تێکڕای ئەو نیقابپۆشانە دەگریتەوە کە نیشتەجێی پارێزگای هەولێرن، نموونەی توێژینەوە (١٤) کەسی نیقابپۆشن، (٦) کەسیان لەشاری سۆران و (٨) کەسی دیکە لەشاری هەولێر. لەم توێژینەوەیەدا تیۆریی مانوێڵ کاستێلز دەربارەی کاریگەری دوولایەنەی ئایین لەسەر شوناسی نەتەوەیی لە سەردەمی مۆدێرندا بەکارهاتووە. ئەنجامەکانی توێژینەوە دەریانخستووە نیقابپۆشی وەک هێمایەکی دیاری ئیسلامی سەلەفی کە سەرچاوەکەی باوەڕی ئایینییە، دەبێتە هۆی کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی و بەهێزکردنی شوناسی ئایینی، بەتایبەت لە کاتی نەگونجان و پێکدادانی ئایدیۆلۆژی لە نێوانیاندا وەک دیاریکردنی سەرچاوەی پیرۆز، کە لە فەلسەفەی ئاییندا خودایە، بەڵام لە پرسی نەتەوەییدا پیرۆزیی وات خاک و نیشتمان و زمان و ئاڵا و تێکڕای ڕەمزە نەتەوەییەکان.

**کلیلە وشە/** نیقاب، شوناسی نەتەوەیی، شوناسی ئایینی، ئایدیۆلۆژیای ئایینی

کێشەی توێژینەوە

شوناسی نەتەوەیی دیاردەیەکی مۆدێرنە، لەسەر بنەمای بوونی بزاوتێکی ناسیونالیستی و هۆشیاری نەتەوەیی بونیاد دەنرێت. ئەم دیاردەیە بەپێی تێکەڵبوونی چەند توخمێکی هاوبەش شێوە دەرگرێت وەک، نیشتمان و زمان و کلتوور و ئایین و مێژوو و ویست و ئیرادە و پرەنسیپ و بنەمای سیاسی و یاسایی هاوبەش.

پرسی شوناسی نەتەوەیی پرسێکی ئاڵۆز و گۆڕاوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کلتووری، هەروەها هەژموونی ئایدیۆلۆژی و بەتایبەت ئایدیۆلۆژیای ئایینی کە باڵ بەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دادەگرێت و بەشێوەیەکی بەرچاو کۆنترۆڵیان دەکات. هەرچەندە کۆمەڵناسان پێیان وابوو کە پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان ئایین و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، واتە ئەگەر کۆمەڵگە پێشبکەوێت و بەرەو مۆدێرنە بڕوات، هەژموون و دەسەڵاتی ئایین کاڵ دەبێتەوە و دەچێتە خانەیەکی تایبەتی ژیانی تاکەکەسی، بەڵام ئەم گریمانەیە پوچەڵ دەبێتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی شەپۆلی گەڕانەوە بۆ ئایین

لە سەردەمی مۆدێرندا، هەروەها سەرهەڵدانی بزاوتەکانی ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی سەلەفی و هاوردەکردنی کۆمەڵە دیاردەیەکی نوێ و نامۆ و جیاواز لەگەڵ کلتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگە، بەتایبەت کۆمەڵگەی باشووری کوردستان.

نیقاب وەکو یەکێک لەو دیاردە هاوردە و نامۆیانە، مژارێکی گەرمە و سەرنجی کۆمەڵناسانی بەلای خۆیدا راکێشاوە، ئەم پرسە چەندین رەهەندی جیاوازی هەیە، بەشێکیان پەیوەندی بە خودی نیقابپۆشەوە هەیە وەک کاریگەرییە دەروونییەکانی شاردنەوەی روخسار و مۆرک و شوناسی تاکەکەسی و ئازادی ژن و ئاستی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی، بەشەکەی دیکەش پەیوەندی بە شوناسی کۆمەڵایەتی و کلتووری و شوناسی نەتەوەییەوە هەیە. لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە بزانین کاریگەرییەکانی پۆشینی نیقاب لەسەر لاوازکردن و کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی چین لای ژنی کوردی نیقابپۆش؟

**ئامانجی توێژینەوە**

زانینی کاریگەرییەکانی پۆشینی نیقاب لەسەر کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی لای ژنی کوردی نیقابپۆش.

**پرسیاری توێژینەوە**

چۆن نیقاب کاردەکاتە سەر کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی لای ژنی کوردی نیقابپۆش؟

**نیقاب چییە؟**

نیقاب یان رووبەند پارچە قوماشێکە کەمێک تەنکە یان تەواو ئەستوورە لە ژێر چاودا دەبەسترێت و تەواوی ڕوخسار و لووت و دەم دادەپۆشێت و تەنیا چاو دیار دەبێت. (مجمع اللغة العربية،2004: ص176). نیقاب هێمایەکە بۆ باوەڕێکی ئایینی توند لای بەشێک لە ژنانی موسڵمان، بۆیە دەبێتە جلوبەرگێکی تەواو ئایینی و گوزارشت لە پراکتیزەی ئەرکی ئایینی لە هەندێ کلتووری ئیسلامیدا دەکات. حیجابیش وەک هێمایەک بۆ باوەڕی ئایینی، شێوە جلوبەرگێکی شەرعییە، ژنی حیجابپۆش قژ و لەشی دادەپۆشێت، جلوبەرگی پان و بەرین دەپۆشێت، بەڵام دەموچاوی دیار دەبێت، لە جیهانی ئیسلامیدا حیجاب دیاردەیەکی ئاسایی و باوە، بەشێکە لە عورفی ئایینی و لە گوتاری ئایینی و قورئانیدا وەک نیشانەیەکی گشتی بۆ ستر و خۆپاراستن پێناسە دەکرێت، هەرچی نیقابە، بە ئیجتیهادیکی فیقهی دادەنرێت، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مەزهەبە فیقهییە توندڕەوەکان، بەڵام لە دەقە ئایینییەکاندا بە شێوەیەکی راستەوخۆ باس نەکراوە. (Ahmed, 1992, p. 221).

هەرچەندە حیجاب یان باڵاپۆشی شتێکی ئاساییە و زیاتر پێی ئاشناین، بەڵام بە هۆی تێکەڵبوونی وەک نەریتێک لەگەڵ کلتووری کۆمەڵگەکان، بۆیە مەرج نییە هێمای یان نیشانەی باوەڕی ئایینی بێت، بەڵکو تەنیا بەشێکە لە کلتوور و ڕاهاتن لەسەر سەرداپۆشین وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی نەک وەک ئەرکێکی ئایینی، بۆیە دەبینین لە مێژووی کۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا سەرپۆش باو بووە و بەتایبەت بۆ ژنانی بەتەمەن و بەساڵاچوو. هەرچی نیقابە، کردەیەکی نوێ و هاوردەیە و هێمایەکی ئایینی پاراوە و توندڕەویی ئایینی پێوە دیارە بەشێوەیەک شوناسی ئایینی کەسەکە دەردەخات و دەبێتە بەڵگەیەک بۆ باوەڕێکی ئایینی توندتر و راستەقینەتر بە بڕوای خۆیان.

sjh@univsul.edu.iq

## شوناسی نەتەوەیی

پرسی شوناس پرسێکی ئاڵۆزە و جێی مشتومڕە، دیاریکردنی سنوور و مێژوو و ڕەهەند و توخمەکانی ئاسان نییە، هەروەها ئەو فاکتەرانەی کاریگەر دەبن لەسەر شێوەگرتنی ئەم شوناسە و چۆنیەتی گۆڕانی یان وەرچەرخان و توانەوەی. شوناسی نەتەوەیی نیشاندەری هەستکردنی تاکەکانە بە ئینتیما بۆ کەیانێکی نیشتیمانی یەکگرتووی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە. شوناسی نەتەوەیی تەنیا چەمکێکی سیاسی نییە، بەڵکو لەخۆگری کۆمەڵە لایەنێکی دەروونی و وێژدانییە کە بە چەسپاندنی هەستی ئینتیما بەرجەستە دەبێت، هەروەها پێکهاتەیەکی مێژوویی، کلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی گۆڕاو و پەرەسەندووە. ( Smith,1991, P:15). دروستبوونی شوناسی نەتەوەیی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دووروودرێژە، چەندین فاکتەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتووری، مێژووی و ئابووری لە خۆ دەگرێت، هەر یەکێک لەو فاکتەرانە دەبنە توخمێکی بنچینەیی دروستبوونی ئەو شوناسە.

کلتووری هاوبەش توخمێکی سەرەکی و گرنگی شێوەگرتنی شوناسی نەتەوەییە، وەک زمان، ئەدەب، بەها و نەریت، هونەر و چەندین توخمی دیکە کە تاکەکان لە یەکەیەکی نیشتیمانی یەکگرتوودا یەکدەخات. هێما کلتوورییەکان میکانیزمی قوڵکردنەوە و چەسپاندنی هەستی ئینتیمایانە بۆ نەتەوە، کۆیادەوەری هاوبەش و ڕۆڵی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە کار بۆ سەربەخۆیی نەتەوە دەکەن، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دروستبوونی شوناسی نەتەوەیی و بتەوکردنی هەستکردن بە یەکگرتووی نەتەوەیی و نیشتیمانی. لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە شوناسی نەتەوەیی  هەستکردنە بە ئینتیما بۆ نەتەوەی کورد و باوەڕبوون بە کلتوور توخمەکانی شوناسی نەتەوەیی وەک زمان، ئاڵا، ئایین، بەها و نەریت و سرووت و هێمای نەتەوەیی هاوبەش، کۆیادەوەری و بۆنەی نەتەوەیی و سنووری جوگرافی هاوبەش.

## مێژووی نیقاب لە شارستانییەتە کۆنەکاندا

لەسەردەمی شارستانییەتە کۆنەکان، لە شارستانییەتی ئاشوریدا (٢٠٠٠-١٥٠٠ پ.ز) ڕووبەند لە لایەن ژنانی چینە باڵاکان بەکارهاتووە بە پێی یاسای ئاشوری، ئەمەش وەک هێمایەک بۆ چینی کۆمەڵایەتی، جیاکاری ڕەگەزی و چینایەتی بەکارهاتووە، لەهەمان کاتدا قەدەغە بووە بۆ ژنانی چینەکانی خواروو و چینە نزمەکان و خزمەتکارەکان. (Lerner,1986, p:78). هەرچی شارستانییەتی بابلییە، (1792-539 پ.ز) و شارستانییەتی فارسی (550-330 پ.ز) داپۆشینی سەر و دەموچاو شتێکی باو نەبووە، بەڵکو زیاتر نەریت بووە لەلایەن هەندێ لە بنەماڵە و خێزانی چینە باڵاکان، ئەم نەریتە هێما و نیشانە بووە بۆ داوێن پاکی و شەرم و حەیا و حورمەت و پارێزگاریکردنی لە ژنانی چینی ئەرستوکرات لە شوێنە گشتییەکان، بۆیە میکانیزمیک بووە بۆ جیاکردنەوەی چینەکان هەروەها جیاکاری چینایەتی. (Blundell,1995, p: 64 ). لە نیمچە دوورگەی عەرەبدا پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، نیقاب وەک بەشێک لە نەریتی کۆمەڵایەتی هەندێ لە هۆزە عەرەبییەکان بەکارهاتووە بۆ پاراستنی ژنانی چینی باڵا و چینی خاوەن دەسەڵات لە کەسانی بێگانە هەروەها وەک نیشانەیەک بۆ ڕێز و پێگە و ویقار و جیاکاری چینایەتی. (Crone, 1987, p:95). ئەوەی لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتە کە خۆداپۆشین نەریتیکی کۆمەڵایەتی باو بووە لە زۆرینەی شارستانییەتە کۆنەکاندا، ئەم نەریتە بە داپۆشینی تەنیا سەر و قژ (حیجاب)، یان داپۆشینی تەواوی دەموچاو بێت (نیقاب)، ئەوە بەرمەبنای هەمان فەلسەفە و بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتووە ئەویش جیاکاری ڕەگەزی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و

sjh@univsul.edu.iq

جیاکردنەوەی ژنانی چینی کۆمەڵایەتی باڵا لە ژنانی چینەکانی دیکە. نیقاب یان رووبەند تەنیا لە لایەن ژنانی چینی خانەدان و خاوەن دەسەڵات و باڵادەستەکانەوە بەکاردەهێنرا، بە مەبەستی ئەوەی بەردەست و کۆیلەکان نەیانبینن هەروەها جیاوازبن لە ژنانی چینی کۆمەڵایەتی ئاسایی خوارووی خۆیان. ئەمە بەشێک بووە لە کلتووری خانەدانەکان، و هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ئایین و باوەڕی ئایینییەوە نەبووە، بەڵام دواتر لە چوارچێوەی ئایینە یەکتا پەرستییەکاندا بینراوە و بەرەو کلتورەکانی دیکە گواستراوەتەوە.

**پەیوەندی نێوان ئایین و شوناسی نەتەوەیی**

پەیوەندی نێوان ئایین و نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی پەیوەندییە ئاڵۆز و تێکەڵە، چەمکی پیرۆز پێکهێنەری بنەمای فەلسەفەی هەردوو لایەنە، پیرۆزیی ئایین لە لایەک، و پیرۆزیی نەتەوە لە لایەکی دیکە، بۆیە ئەم پەیوەندییە هەمیشە ناجێگیرە و رەنگە ببێتە هۆی مشتومڕ و پێکدادانان و ململانێ بە پێی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاواز و ئاڵۆز، بەتایبەت لە جیهانی عەرەبی ئیسلامیدا. ئەم ناکۆکییە کە دەبێتە سەرچاوەی ململانێ، پەیوەندی بە سەرچاوە و فەلسەفەی پیرۆز و دڵسۆزی (ولاء) و ملکەچبوونەوە هەیە لە ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی ئایین و نەتەوەدا. لە ئاییندا دڵسۆزی و ملکەچبوون بۆ پەیامی ئاسمانییە، هەرچی نەتەوەیە دڵسۆزی و ملکەچبوون بۆ خاک و نیشتیمانە. لە کاتی جیاوازی بەهاکانی ئایین لەگەڵ بەها و پرەنسیپەکانی نەتەوە، بەرژەوەندی و دونیابینی و ڕێزبەندی بەهاکان و زۆر پرسی دیکەش جیاواز و ناکۆک دەبێت، لە ئەنجامدا کێبڕکێ و ململانێ سەرهەڵدەدات. (ولد أباه، 2010: ص44). ناکۆکی لە ئامانج و هەڵوێستەکان دەبێتە هۆی ململانێ، لە هەندێ کۆمەڵگە زۆرینەی تاکەکان پشتگیری ئەوە دەکەن کە ئایین توخمی سەرەکی و پێگهێنەری پێکهاتەی دەوڵەت و داڕشتنی فەلسەفەکەی بێت بە تایبەت ئایینی ئیسلام، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی، لێرەوە ململانێ سەرهەڵدەدات و لایەنی بەهێز و خاوەن زۆرینەی پاڵپشتی جەماوەری، لەم ململانێیەدا سەرکەوتوو دەبێت. (الموسوی، ٢٠١١: ص٣). جیاوازی ئامانج و دیدگە دەبێتە هۆی جیاوازی فەلسەفە و هەڵوێست، بۆیە ئەم ناکۆکییە هەندێجار ئاراستەیەکی توند وەردەگرێت و توندڕەویی لێ بەرهەم دێت بە ئامانجی یەکلاکردنەوەی دۆخە لە بەرژەوەندی لایەنی بەهێز. بزووتنەوەی ئایینی سەروو نەتەوە مەترسییەکی گەورەن لەسەر شوناسی نەتەوەیی چونکە سنوورە نیشتیمانییەکان تێکدەشکێنن و هەستی ئینتیمای نیشتیمانی و نەتەوەیی لاواز دەکەن و بەهای ئەندامێتی گروپێکی ئایینی جیهانی بە بەهایەکی باڵا هەژمار دەکەن، وەک بزووتنەوە جیهادییەکانی قاعیدە و داعش کە پێیان وایە دڵسۆزی و ملکەچی پێویستە بۆ ئوممەی ئیسلامی بێت نەک بۆ دەوڵەت نەتەوە، بۆیە تاکەکان ئینتیما بۆ شوناسێکی ئایینی جیهانی پەسەند دەکەن، نەک شوناسێکی نەتەوەیی. (الشریف، 2018).

توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئایدیۆلۆژیای ئەم جۆرە گروپانەدا باوەڕیان بە رەتکردنەوەی سنووری سیاسی و جوگرافی نێوان دەوڵەتە ئیسلامییەکانە، و بانگەشە بۆ دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامی یان ئوممەی ئیسلامی یەکگرتوو دەکەن کە هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت، ئەمەش بێگومان ناکۆکە لەگەڵ بیرۆکە دەوڵەت نەتەوە کە لەسەر بنەمای سەربەخۆیی و سیادە و سنووری سیاسی و جوگرافی دادەمەزرێت. (سمیث، ٢٠٢٢). ئەوەی بۆمان روون دەبێتە جیاوازی ئایدیۆلۆژی فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ناکۆکی لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ئایینی و بە تایبەت بزووتنەوەی ئایینی جیهادی،

sjh@univsul.edu.iq

خاڵی سەرەکی ئەم ناکۆکییە ململانێی ئینتیمایە بۆ ئایدیۆلۆژیای ئایینی بەرامبەر ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی، یان بە واتەیەکی دیکە ئایدیۆلۆژیای ئایینی سنوورەکانی نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی کاڵدەکاتەوە و تێکیدەشکێنێ بەمەبەستی دامەزراندنی ئوممەیەکی ئیسلامی یان گرووپێکی ئایینی سەرووی نەتەوە ئەمەش بێگومان برەودانە بە کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی و بەرژەوەندی شوناسێکی ئایینی گشتی جیهانی کە سنوور و مێژوو و شوناس و ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی دەبەزێنێت.

### نیقاب وەک هێمایەک بۆ ئیسلامی سەلەفی

سەلەفیزم بزووتنەوەیەکی هزریی ئیسلامییە، پشت بە سیستمی بیرکردنەوەی زانا سەلەفییەکان دەبەستێت، وشەی سەلەف (السلف) واتە رابردوو یان مێژووی کۆن، نەوەی سەلەف ئاماژەیە بۆ نەوەی یەکەمی موسڵمانان کە ئەسحابە و هاوەڵانی پێغەمبەر و شوێنکەوتووانی دەگرێتەوە، ئەم نەوەیە بە باشترین نەوەی موسڵمانان دادەنرێن لە مێژووی ئیسلامدا، بۆیە خاوەن پێگەیەکی بەرز و ناوازەن. هاوشێوەی بزووتنەوەی سەلەفییەت، خاوەن ئایدیۆلۆژیا و سیستمی بیرکردنەوە و میتۆدی تایبەتن بە خۆیان کە بە میتۆدی سەلەف ناسراوە، فاکتەری پێکهێنەری ئەم میتۆدە لە شێوازەکانی بانگەشەی ئایینی لای نەوە ئیسلامییە پێشینەکان روون دەبێتەوە، بۆیە سەلەفییەکان پێیان وایە پێویستە فەرمان و ڕێنماییە ئایینییە ئاسمانییەکان وەک سەردەمی پێغەمبەر و ئەسحابە و شوێنکەوتووانی جێبەجێ بکرێت. (Ramaioli,2023, p:301)

نیقاب وەک ناسنامەیەک یان شوناسێک کاردەکات بۆ جیاکردنەوەی ئایینێک یان شێوازێکی ئاییندارى لە یەکێکی دیکە، ئەو ژنانەی نیقاب دەپۆشن بە خواپەرست دادەنرێت، چونکە گوێڕایەڵی فەرمانی خودا بوون و لە پرسە دونیاییە قەدەغەکراوەکان دوورکەوتوونەتەوە، و زۆرترین پابەندییان هەیە بە ناسنامە و شوناسی موسڵمانانەی خۆیان. نیقاب لای بزووتنەوە جیهادییەکان وەک ئامرازێکی جیهاد (خەبات) لە دژی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئابووری، کلتووری و سیاسی لێکدەدرێتەوە. هەروەها خەباتێکی هێمنە دژی سیستمی سەرمایەداری و عەلمانی جیهانی. بەپێی ئیسلامی سەلەفی بەکارهێنانی نیقاب لەلایەن ژنانی موسڵمانەوە وەک بزووتنەوەیەکی نارەزایی و یاخی، هەروەها خەباتێکی سیاسی و جیهادی و ئامرازی دووبارە بونیادنانەوە و شێوەگرتنەوەی شوناسی ئایینی و کلتووری و کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت.(Akter, 2017, P: 57)

نیقاب تاکە هێمای ئیسلامی سەلەفی نییە، بەڵکو بەشێکە لە باوەڕ و کرداری هەندێ لە ئاراستە توندڕەوەکانی ئیسلامی سەلەفی بە پێی لێکدانەوە و تێگەیشتنیان بۆ شەریعەتی ئیسلام، سەلەفییەکان پێیان وایە داپۆشینی دەموچاو یاخود نیقاب ئەرکێکی ئایینی شەرعییە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکە لە مەزاهیبە فیقهییەکان پێیان وایە کە دەکرێت دەموچاو دیار بێت و داپۆشینی ئەرکێکی ئایینی نییە. لەم نێوانەدا نیقاب و بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ئایا فەرزە یان نا، پرس و مژارێکی گەرمی نێوان سەلەفییەکانە.

### تیۆریی توێژینەوە

لەهەر توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسی شیکاریدا، توێژەر پشت بە تیۆرییەک یان زیاتر دەبەستێت، بۆ شیکردنەوەی ئەو دیاردەیەی توێژینەوەی لە بارەوە ئەنجام دەدات، بە ئامانجی دیاریکردنی ئاراستەی توێژینەوەکە و رەهەندە سەرەکییەکانی. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە تیۆریی مانوێل کاستێلز (Manuel Casteiis) دەبەستین دەربارەی کاریگەریی دوولایەنەی ئایین لەسەر شوناسی نەتەوەیی لەسەردەمی مۆدێرندا.

sjh@univsul.edu.iq

مانوێڵ کاستێلز پێی وایە کە ئایین چەکێکی دوو سەرمیە واتە رەنگە ببێتە هۆی بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی یان بە پێچەوانەوە ببێتە هۆی کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی ئەمەش بێ گومان لە کاتێ پێکدادانی بەرژەوەندییەکان یاخود ئەو بەها و پرەنسیپانەی دەبنە جێی مشتومڕ لە نێوان ئایین و کلتوور و نەتەوە. (Castells, 2010, P: 87). کاستێلز پێێ وایە کە لەسەردەمی مۆدێرندا، شوناس بە هۆی کۆنتێکستی کلتووری و کۆمەڵایەتی جیاواز و خاوەن پیکهاتەی ئاڵۆزەوە شێوە دەگرێت، هەرچی شوناسی تاکە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری گروپێکی کۆمەڵایەتی گەورەتر و کاریگەرتر بە تایبەت شوناسی ئایینی و شوناسی نەتەوەیی، لەم هەلومەرجەدا شوناسی ئایینی دەبێتە شوناسێکی جێگرەوە بۆ شوناسی نەتەوەیی، بەئامانجی بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی کلتووریی رۆژئاوایی.

کاستێلز رۆڵی ئایین لە لاوازکردنی شوناسی نەتەوەییدا بەم شێوەیە شیدەکاتەوە: لەسەردەمی مۆدێرندا سنووری نێوان وڵاتان و کلتوورە جیاوازەکان کاڵ دەبێتەوە، بەرهەمە هزری و کلتوریی و ئایینییەکان بەهۆی ئامرازەکانی گەیاندن و میدیاکان بە شێوەیەکی خێراتر دەگوازرێنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی کە لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی و کلتوورێکی دیاریکراو هاتووەتە بەرهەم. ئەو پێی وایە کە جیهانگیری هێز و دەسەڵاتی دەولەت و نەتەوە لاواز دەکات و چیتر ناتوانێت شوناسی تاکەکانی دیاری بکات و کۆنترۆڵی بکات، لێرەدا ئایین سنوورەکانی نەتەوە دەبەزێنێت و دەبێتە هۆی خولقاندنی شوناسێکی ئایینی جیهانی تەحەددای شوناسی نەتەوەیی و نیشتیمانی نەریتی دەکات. (Castells, 2010, P: 95)

ئایین بەبڕوای کاستێلز نەک تەنیا ئامرازێکی بۆ دووپاتکردنەوەی ئینتیمای رۆحی، بەڵکو ئامرازێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەژموونی کلتووری رۆژئاوایی کە بە بڕوای ئاییندارا ن گەورەترین مەترسییە لەسەر بەها و نۆرمە ئایینی و کلتورییەکان. لەگەڵ بەردەوامبوونی بانگەشە بۆ شوناسێکی ئایینی جیهانیی یەکگرتویی سنووربڕ، لە بری شوناسێکی نەتەوەیی سنووردار، لێرەدا شوناسی نەتەوەیی کاڵ دەبێتە و لاواز دەبێت. ئایین هەستێکیی ئینتمای ئایینی لای تاکەکان دروست دەکات کە سنووری دەوڵەت نەتەوە تێکدەشکێنێت، بەتایبەت لەو کۆمەڵگەیەی کە بزووتنەوەی ئایینی توندڕەو تێیدا سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات وەک ئیسلامی رادیکاڵ و ئیسلامی سەلەفی. ئایین دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شوناسێکی ئایینی- کۆمەڵایەتی کە شوناسی نەتەوەیی کاڵدەکاتەوە و لاوازی دەکات. هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتێک دەرەخسێنن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروباوەڕەکان لە نێوان باوەڕداران بە بێ سانسۆری هێزی دەوڵەت و نەتەوە، ئەمەش پێگە و بایەخی ئایین دەباتە ئاستێکی باڵاتر لە پێگە و بەهای دەوڵەت نەتەوە هەروەها دڵسۆزی و (ولاء) بۆ نەتەوە لاواز دەکات. لەم توێژینەوەیەدا، باسی نیقاب دەکەین وەک فاکتەرێکی ئایینی، و چۆن رۆڵی دەبێت لە کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی، بە تایبەت کە سەیری سرووت و بۆنە و رێورەسمە کلتوورییەکان دەکەین و چۆن سرووتە ئایینییەکان بە پەسەندتر و پیرۆز دادەنریت لە هەر بۆنە و سرووت و جەژن و بەها وکلتوورێکی نەتەوەیی.

sjh@univsul.edu.iq

**میتۆدی توێژینەوە:**

میتۆدی توێژینەوە ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر دەیگرێتەبەر بۆ توێژینەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی وڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە و گەیشتن بە کۆمەڵە ئەنجامێک کە یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی دیاردەکە. هەر میتۆدێکی زانستی لە کۆمەڵە هەنگاوێک پێکدێت وەک زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەک لە سەرتای دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە، تا گەیشتن بە ئەنجامەکان.

**میتۆدی چۆنایەتی**

میتۆدی چۆنایەتی شێوازێکی تایبەتی توێژینەوەیە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی دۆزینەوەی مانا، ئەزموون، هێما، نیشانە و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان لە دۆخی سروشتی خۆیدا، ئەم میتۆدە لە کۆکردنەوەی زانیاریدا پشت بە داتای ژمارەیی نابەستێت، بەڵکو داتای ناژمارەیی بەکاردێت وەک شیکردنەوەی ناوەڕۆک، شیکردنەوەی تێکست، چاوپێکەوتن و تێبینیکردن بۆ تێگەیشتنێکی قوڵتر لە دیاردەکان لە بری پێوانەکردنیان. (Creswell, 2014, P:45) . یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدە ئەوەیە کە پشت بە ڕێچکەیەکی جێگیر نابەستێت، بەڵکو لەکەڵ ئەنجامدانی قۆناغەکانی توێژینەوە گەشە دەکات و شێوە دەگرێت.

**شێوازی کۆکردنەوەی داتا/ فۆکەس گروپ**

لە توێژینەوەی کۆمەڵناسیدا شێوازی جۆراوجۆر بۆ کۆکردنەوەی داتا پەیڕەو دەکرێت بە پێی میتۆدی و ئامانجی و پرسیارەکانی توێژینەوە. لەم توێژینەوەیەدا شێوازی فۆکەس گروپ بەکارهاتووە لە ڕێگەی ئەنجامدانی گفتوگۆ بە شێوەی گرووپ.

فۆکەس گروپ یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری قوڵ و ورد لە ڕێگەی کۆکردنەوەی کۆمەڵە کەسێک لە گروپێکی گفتوگۆی بچوکدا کە ژمارەیان لە نێوان (٦-١٢) کەس دەبێت بۆ باسکردن و تاوتوێکردنی بابەتێک یاخود پرسێکی دیاریکراو لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی توێژەرێک یان زیاتر، بە ئامانجی زانین و دۆزینەوەی بیروبۆچوونی بەشداربووان دەربارەی پرسی توێژینەوە لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا لە کاتی ئەنجامدانی فۆکەس گروپەکە. (Krueger, 2015, p: 63). خەسڵەتەکانی فۆکەس گروپ وەک کارلێکی کۆمەلایەتی و قوڵبوونەوەی بەشداربووان لە تاوتوێکردنی پرسی توێژینەوە، داتا و زانیاری دەوڵەمەند دەستدەخات لە یەک کاتتدا و لە چەندین لایەنی جیاوازەوە و بە شێوەیەکی خێراتر بە بەراورد لەگەڵ چاوپێکەوتنی تاکەکەسی، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک کێشە و ئاستەنگ ڕووبەڕووی توێژەر دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی ئەم میتۆدە، وەک کۆنترۆڵکردنی گفتوگۆکە یاخود خۆسەپاندن لە لایەن یەکێک یان زیاتر لە بەشداربووان و گۆڕینی ڕێڕەوی گفتوگۆ و دوورگەوتنەوە لە توێژینەوە و ئاراستەی وڵام و کاردانەوە و ڵامدانەوەی ئەوانی دیکە، لێرەدا ڕۆڵی توێژەر وەک چاودێر گرنگ دەبێت بۆ ڕاستەرێکردنی ئاراستە گفتوگۆی نێو فۆکەس گروپەکە و جەختکردن لەسەر ڕێچکەی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە. (Braun, 2013, P: 71)

**کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوە ئاماژەیە بۆ تێکڕای ئەو تاک و یەکە کۆمەڵایەتییانەی کە خەسڵەتەکانی توێژینەوەیان تێدایە و بەشێکن لەو دیاردەیەی توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت، کۆمەڵگەی توێژینەوە بە پێی بابەتی توێژینەوە دیاری دەکرێت. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە تێکڕای نیقابپۆشەکان لە پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە.

**نموونەی توێژینەوە:**

نموونەی توێژینەوە بەشێکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، توێژەر لەسەر بنەمای خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە هەڵیاندەبژێرێت، بەمەبەستی گشتاندنی ئەنجامەکان بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەدا. بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە ڕێکاری جیاواز دەگیرێتە بەر لە لایەن توێژەرەوە بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوە، لەم توێژینەوەیەدا جۆری نموونەی مەبەستدار یان ئامانجدار (Purposive sample) بەکارهاتووە، ئەم جۆرە نموونەیە لە جۆری نموونەی نائەگەرییە، بە پێی چەند پێوەرێکی دیاریکراو لە لایەن توێژەرەوە هەڵدەبژێردرێن لە کاتی توێژینەوەی گروپێک یان چینێکی دیاریکراو یاخود دیاردەیەکی تایبەت و دەگمەن، ئەم نموونەیە  بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو بەمەبەست بەهۆی ئەوەی خاوەن ئەزمون و تایبەتمەندین دەربارەی بابەتی توێژینەوە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکەن.  (Bryman, 2016, P: 170). نموونەی ئەم توێژینەوەیە (١٨) کەسی نیقابپۆش بوون، (١٠) کەس لە شاری هەولێر و (٨) کەس لە شاری سۆران. توێژەر پێش ئەنجامدانی فۆکەس گروپەکە، پرسیارەکانی خستوەتە بەردەستیان هەروەها ڕەزامەندی ریکۆردکردنی دەنگەکانی لێ وەرگرتوون، لە ئەنجامدا چوار کەس لە کۆی ١٨ کەس کەس لە کرد لە بەشداری، بۆیە قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە دابەزی بۆ (١٤) کەس بەم شێوەیە، ( ٨) لە شاری هەولێر و (٦) کەس لە شاری سۆران.

**شیکردنەوەی داتاکان**

لەم بەشەدا داتای بەدەستهاتوو لە ئەنجامدانی فۆکەس گروپی تایبەت بە توێژینەوەی نیقابپۆشی و کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی، دەخەینەڕوو لە چەند تەوەرێکدا بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم/ پاڵنەرەکانی نیقابپۆشی- نیقاب وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بڵاوبوونەوەی بەهاکانی علمانییەت لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا

ئۆلیڤیە رۆی  Olivier Roy  1949 تاوتوێی کردەی ئایینی لای موسڵمانان لە ئەوروپادا دەکات لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان ئیسلام و کۆمەڵگەی علمانی و دەیبەستێتەوە بە باوەڕ و شوناسی ئایینی لە مێژووی هاوچەرخدا، ئەو پێی وایە  کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە کردەی ئایینیدا ڕوودەدەن و بەرەو دەمارگیری و توندڕەویی هزریی و کرداریی دەڕۆن، لە بنەمادا کاردانەوەی باوەڕدارانە بەرامبەر بە زاڵبوونی هەژموونی بەها علمانییەکان بەسەر سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئەوروپادا. (Roy, 2004, p:48). دەمارگیری ئایینی ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونە و  هێمایەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و ڕەتکردنەوەی بەهاکانی بەجیهانیبوون.

sjh@univsul.edu.iq

لەمبارەیەوە بەشداربووانی فۆکەس گروپ، هەرچەندە بەشێکیان هەندێ بیروڕای جیاوازیان هەبوو دەربارەی هەڵسەنگاندنی پرسی ئایینی بە گشتی و هەندێ خاڵی تایبەت بە نیقابپۆشی، بەڵام بەرامبەر مەترسییەکانی تەشەنەسەندنی پرەنسیپ و بەهاکانی علمانییەت لەسەر ئایینی ئیسلام، بەشێوەیەکی رەها هاودەنگ و کۆکبوون لەسەر ئەوەی نیقابپۆشییان ولامدانەوەیە بۆ زاڵبوونی بەها خراپەکانی علمانییەت کە ئایینی خستوەتە مەترسی لاوازبوون و بەلارێدابردن و لە ئەنجامدا کاڵبوونەوە و لەناوچوونی ئایین، بۆیە کاردانەوەیان لە ڕێگەی نیقابەوە بە باشترین هەڵوێست دەبینن و پێیان وایە نیقاب هێزێکی زۆری هەیە لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەژموونە رۆژئاواییە نامۆیە لەسەر کۆمەڵگەی موسڵمانان. بە بڕوای ئەوان، لە سەردەمی هاوچەرخدا کیفایەتە تەنیا بە بینینی کەسێکی نیقابپۆش تێبگەن کە خەڵک چۆن بەرەو بنەما و پرەنسیپە رەسەنەکانی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ رزگاربوون لە مەترسییەکانی بە رۆژئاواییکردنی کۆمەڵگەی موسڵمانان، پێشکەوتنی ماددی و تەکنەلۆجی و بیناسازی و کۆمەڵایەتی و کلتووری لای ئەوان دواکەوتنە و دوورکەوتنەوەیە لە بەها باڵاکانی ئایینی ئیسلام.

بەشداربووی یەکەم بەم شێوەیە دەدوێ: ((ئێمە لە خێزانێکی ئینداریین، پێش نیقابیش هەر حیجابم لەبەر دەکرد، بەڵام دونیا ئەوەندە پیس و خراپ بووە بەم بەناو نوێخواز و ئازادی خوازانە کە لە ئەساسدا مەبەستیان بەرەڵاییە، من وەک جوابێک بەرامبەر ئەو هەموو پیسی و خراپەکارییە و بێ ڕەوشتییەی کۆمەڵگا نیقابم لەبەر کرد....)). هەروەها بەشداربووی دووەم بە توندی پشتگیری قسەکانی دەکات و دەڵێت: (( لەسەردەمی پێغەمبەر هەموو ئافرەتی موسڵمان نیقابیان لەبەر دەکرد، لەکاتێکدا پیاوی ئەو سەردەمەی پێغەمبەری تێدا دەژیا باشترین و پاکترین پیاو بوون ئەوجا ژنەکان خۆیان دەپاراست و خۆیان دادەپۆشی، ئەم سەردەمەی ئێمە پڕی فیتنەیە و فەسادە کەسەکانیش زۆر گۆڕاون و پاک نەماون بەهۆی علمانییەتی پیسەوە، ئێمەش چاومان لەوان کرد و پێویستە وابکەین......)). بەشداربووی چوارەم دەڵێت: ((پیاو و مرۆڤی ئێستا حەددیان نییە بگەنە نینۆکی سەحابە و تابعینی پێغەمبەر، جا ئەگەر ژن لەو سەردەمەی نیقابی کردبێ لە ترسی فیتنە، ژنی ئێستا ئەگەر یەک تۆز غیرەتی هەبێ، دەبێ نیقاب بکا...)). جەختکردن لەسەر وەسفکردنی سەردەمی مۆدێرن بە سەردەمی فەساد و بێ رەوشتی خاڵێکی هاوبەشی نێوان زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکەیە، خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا وەک رەوشێکی پڕ لە فەساد و خراپەکاری، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی بەها و فەلسەفەی و پرەنسیپەکانی علمانییەت بە بڕوای نموونەی توێژینەوە، کە رۆڵی ئایینی لاواز کردووە و ئایینی بە لاڕێدا بردووە و دوورکەوتووەتەوە لە فەلسەفەی راستەقینەی ئایین، بۆیە ئەوان پێیان وایە گەڕانەوە بۆ بنەما ڕەسەنەکانی ئایینی ئیسلام باشترین چارەسەرە بۆ رووبەڕووبوونەوەی علمانییەت و رزگارکردن و پاراستنی کۆمەڵگە لە ئاکامە نەرێنییەکانی. بەشداربووی شەشەم دەڵێت: ((ئێمە هیچ حەڵێکمان لەبەردەست نەماوە لە نیقاب و خۆداپۆشین زیاتر، حیجابیش هیچ بەهایەکی نەماوە، ئەوانی حیجاب دەپۆشن کەسیان پەیوەندییان بە دینەوە نییە، چونکە لە نەریتی کوردەواریدا سەرپۆش هەر هەبووە و شتێکی تازە نییە، خراپەکارە علمانییەکان هەر حیساب بۆ حیجاب ناکەن، بەڵام نیقاب بە کوێرایی چاویانە......نیقاب باشترین کاردانەوەیە بەرامبەریان....)). بەشداربووی دەیەم قسەکانی هاوڕێکەی دەبڕێت و بە توندی دەڵێت: ((دەچیتە هەر جێیەکی هەموو کوردستان بوویتە شوێنی بێ دینی و بێ ئەدەبی سوکایەتی بەرامبەر دین، هەمووی تەئسیری علمانییە بێ دینەکانە، ئێمەش بە نقاب جوابیان دەدەینەوە، با بزانن دین لە پێش هەموو بەهاکانە....)). بەشداربووی نۆیەم دەڵێت: ((ئیش و کاری علمانییەکان هیچ نییە تەنیا دژایەتیکردنی خودا و پێغەمبەر و دینەکەیانە، ئەوان دینیان بەلاڕێدا بردووە، دینیان ناشرین کردووە، خەڵکی خۆمان وا دەزانن ئەوە دینە

ئەوان هەیتیان؟؟؟ ئەوە بەس دین و دینداری نییە سەرپۆشێکی شل و رەنگاڵە بەڵام مێشکێکی بێ دین....)). بەشداربووی پانزەیەم دەڵێت: ((من بە نیقابەکەم نەک بەس علمانییەکان، بەڵکو بەناو دیندارەکانیش فێری دینداری دەکەم، چونکە ئەوانیش بەشدارن لە سووکردنی دینی ئیسلام، دینداری و خودا ناسی ئەوەندە قورسە بەهەموو کەسێک ناکرێت، ئەوەی دینی هەبێ و خودا بناسێت، دەبێ ئەم بێ ئەخلاقی و فەسادەی کۆمەڵگەی کوردی قبوڵ نەکات.....)). بە پێی تێگەیشتن نموونەی توێژینەوە لە ئایین و ئایینداری راستەقینە و ڕەسەن بە وتەی خۆیان، و تێڕوانینیان بۆ ئەو فۆرمە دینداریە لە کوردستاندا باوە، لە ئێستادا حیجابیش بە دینداری هەژمار ناکرێت، چونکە بە پێی مەرجەکانی دینداری نییە، ئەوان شێوازەکانی ئایینداری لە کوردستاندا دەخەنە ژێر پرسیار و ڕووبەڕووی رەخنەی توندی دەکەنەوە و دەڵێن بە لاڕێدا براوە و بووەتە مۆدێل و نەریت و لاساییکردنەوە نەک ئایینداری، بە بڕوای ئەوان لە هەر کۆمەڵگەیەک دینداری راستەقینە و ڕەسەن هەبێت، ڕێگری دەکات لە بڵاوبوونەوەی کردەوەی نەشیاو و دوور لە فەرمانەکانی خودا، بۆیە پێیان وایە زۆرینەی ئەو کردارانەی خەڵکی باشووری کوردستان ئەنجامی دەدەن وەک فەرزێکی ئایینی، لای ئەوان پوچەڵە و هیچ بەهایەکی نییە و دوورە لە ئایین و تەنیا نەریتێکە گوزارشت لە ئایینداری و باوەڕی ئایینی ناکات، هەروەها پێیان وایە خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەمی مۆدێرن بوەتە هۆی دوورکەوتنەوە لە فەرمانەکانی خودا و دینداری راستەقینە، بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی ئایینی راستەقینە وەک سەردەمی پێغەمبەر. بەشداربووی دوانزەم دەڵێت: ((من دژی قەدەغەکردنی نیقابم ئەوەی لەهەندێ وڵاتی ئەوروپی دەکرێت، ئەوان ئەگەر پێیان بکرێت لێرەش لێمان قەدەغە دەکەن، لەراستیدا ئەمە پێشێلکردنی ئازادییە، ئێمە ئازادین چۆن باوەڕی دینی خۆمان جێبەجێ دەکەین، ئازادین چۆن وڵامی بڵاوبوونەوەی بێ دینی دەدەینە لە کوردستان.....)). بەشداربووی چواردەیەم دەڵێت: ((ئەو قسانە هاوڕێکانم دەیکەن هەمووی ڕاستن، من تا پێم بکرێ پشتگیری پۆشینی نیقاب دەکەم، ئاوها نەبی ناتوانین رووبەڕووی ئەم شاڵاوەی کوفر و بێ دینییە ببینەوە کە بەرۆکی کوردستانی گرتووە، من تا ئێستا چوار هاوڕێیی خۆمم قەناعەت پێ کردووە نیقاب بن، ئەوانیش چەند هاوڕێیەکی خۆیان هێناوەتە سەر ڕێی دینی راستەقینەی الله، و الحمد لله...)). بەشداربووی پێنجەم دەڵێت: ((گەروەرترین مەترسی لەسەر ئایینی ئیسلام علمانییەتە، ئایین قەت شتێکی شەخصی نییە، بەڵکو واجب و فەرزە لەسەر هەموومان، چۆن ئەوان دەیانەوێ دین لاواز بکەن و رۆڵی نەهێڵن لە کۆمەڵگە و سیاسەت و ژیانیشدا، ئێمەش بە نیقاب بۆیان دەسەڵمێنین دین چەند بەهێزە و قەت لاواز نابێت، دینی ئیسلام جەوهەری ژیانە.....)). لەم باسەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پۆشینی نیقاب بە خواست و بڕیاری خودی خۆیانە وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بڵاوبوونەوەی کاری خراپ و نا ئەخلاقی بە هۆی تەشەنەسەندنی بەهاکانی علمانییەت لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا بە پێی تێگەیشتنی نموونەی توێژینەوە. بۆیە دەکرێ بڵێین پۆشینی نیقاب دەچێتە خانەی کردەیەکی عەقڵانی کە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی پرسێک لە لایەن تاکەوە ئەوە دوا بڕیاری دەبێت بە بۆچوونی ڤێبەر. کردەی عەقڵانی لای ڤێبەر ئاماژەیە بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی کۆمەڵایەتی لە لایەن تاکەوە بە پێی ویستی خۆی و لە ئەنجامی تێگەیشتن لە پرسێکی دیاریکراو. (Weber, 1978, p: 24-26). دەکرێ بڵێین نیقاب وەک هێمایەکی ئایینی نیشانەی جیاوازی و یاخیبوونە بەرامبەر هەژموونی بەها و پرەنسیپەکانی علمانییەت، بۆیە ناکرێ بڵێین ئەمە تەنیا هێمایەکی ئایینی نەریتییە، بەڵکو گوزارشتە لە شوناسێکی تاکەکەسی سەربەخۆ و یاخی و ناڕازی بەرامبەر بەجیهانیبوون. نیقاب تەنیا جلوبەرگێکی ئایینی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە رەنگدانەوەی دڵەڕاوکێ و نائارامی لە پەیوەندی نێوان تاکی باوەڕدار و بەجیهانیبوون، یاخود شوناسی تاکەکەسی و شوناسی ئایینی، شوناسی ئایینی دەبێتە جێگرەوەی شوناسی کەسی هەروەها دەبێتە

sjh@univsul.edu.iq

چەکێک بۆ ڕەتکردنەوەی بەجیهانیبوون و بەهاکانی. چونکە ئوممەی ئیسلامی پشت بە ئینتیمای نەتەوەیی و جوگرافی و کلتوورییەوە نابەستێت، بەڵکو نەتەوەیەکی ڕەمزییە و موسڵمانان لە چوارچێوەی جیهاندا بەیەکتر دەبەستێتەوە بە چەند بەهایەکی ئایینی و ئایدیۆلۆژی گشتگیر و ڕەها.

هەرچەندە نیقاب دیاردەیەکی نامۆیە و دوورە لە کلتووری کۆمەڵگەی کوردستانی باشوور، بەڵام دەرکەوتنی ئەو ژمارە نیقابپۆشە لە شارە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، پرسیارێک دروست دەکات دەربارەی چۆنێتی هاوردەکردن و بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە، هەرچەندە لە گۆڕەپانی سیاسیدا چەندین حیزبی ئیسلامی بوونیان هەیە، بەڵام هێشتا ئەو پرسیارە هەر لە ئارادایە، چۆن گەیشتنە ئەو باوەڕەی نیقاب بپۆشن و کێ ڕێگە نیشاندەریان بوو؟؟؟ بەشێک لە نموونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (٩) کەس بوون، باسیان لەوە کرد کە پێشتر باڵاپۆشبوون (حیجاب) و لە ڕێگەی بازاڕیکردن بە ئۆنلاین و دوای ئەوەی داوای هەندێ جلوبەرگ و لەچک و جلی تایبەت بە نوێژکردنیان کرددوە، لەگەڵ ناردنی داواکارییەکانیان، پارچەیەک جلوبەرگی نیقابیان بۆ هاتووە بە دیاری، ئیتر وردە وردە بڕیاری نیقابپۆشییان داوە، بەشێکی دیکەش لەڕێگەی هاوڕێ و خزم و کەسوکارەوە، گەشتونەتە ئەو باوەڕەی کە نیقابپۆشی واجبێکی ئایینییە و پێویستە جێبەجێی بکەن. لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە نیقاب دیاردەیەکی نامۆیە لە کۆمەڵگەی کوردستانی باشوور، ئایا خێزانی نیقاپۆشان کاردانەوەیان چیبووە بەرامبەر ئەم کردارەی نموونەی توێژینەوە، بەلایانەوە ئاسایی بووە، پێشوازییان لێکردووە؟ یاخود ڕێگرییان کردووە؟ لە وڵامدا سێ کەسیان جەختیان کردەوە کە خێزانەکانیان پێشوازییان لەم بڕیارەیان کردووە و هیچ ڕێگری و گرفتێکیان نەبووەبەڵکو بە پێچەوانەوە... جێێ ئاماژەپێکردنە کە ئەم سێ کەسە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی فۆکەس گرووپ و ئاراستەکردنی ئەندامانی دیکەی نموونەکە بوون بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هاوشێوەی ئەوان و شاردنەوەی بەشێک لە کاردانەوە خێزانییەکان بەرامبەر نیقابپۆشی کچەکانیان، بەڵام لەگەڵ هەوڵەکانی توێژەر بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و دووپاتکردنەوەی ئەم پرسیارە، دوای چەند خولەکێک، چەند کەسێکی دیکە لە نموونەی توێژینەوەکە کە زۆرینە بوون و ژمارەیان نزیکەی (٨) کەس بوو، باسیان لەوە کرد کە تا ئێستاش خێزانەکانیان ڕازی نین لەسەر پۆشینی نیقاب، و کێشە و گرفتیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، و دژایەتی دەکرین چونکە پێیان دەوترێت ئاساییە ئەگەر باڵاپۆش بن (حیجاب) چونکە دیاردەیەکی ئاساییە و هەر هەبووە، بەڵام نیقاب ترسناکە و نامۆیە و خەڵکی وەک شوێنکەوتووی داعش سەیریان دەکەن، لەبەرامبەردا ئەمان سوورن لەسەر پۆشینی نیقاب و دەتوانن قسەی دایک و باوک بشکێنن ئەگەر هات و پشتگیرییان لێ نەکرا لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانی خودا، بەشێکی کەمیش لە نموونەی توێژینەوەکە بێ دەنگییان هەڵبژارد و وڵامی پرسیارەکەیان نەدایەوە. ڕەنگە ئەم هەڵوێستەی خێزانەکان دەرخەری ئەو ڕاستییە بێت کە هەرچەندە ئەوان لەڕووی ئایینییەوە پابەندیش بن، بەڵام نیقاب بە شتێکی ئاسایی و پەسەند نابینن، بە پێچەوانەوە پێیان وایە نامۆ و هاوردەیە، بۆیە ترس و دڵەڕاوکێیان هەیە بەرامبەر پۆشینی لە لایەن کچەکانیانەوە و پێیان وایە ئەمە کردەیەکی هاوردەی گرووپی تیرۆریستی داعشە و دوورە لە ئاینداری و بەها و نەریت و کلتووری ئایینی باو لە هەرێمی کوردستان بۆیە ڕێگری لێ دەکەن، بەڵام لە بەرامبەردا دەسەڵاتیان نییە لە قەدەغەکردنی بۆ کچەکانیان.

sjh@univsul.edu.iq

**تەوەری دووەم/ هێما و بەها نەتەوەییەکان، هەڵوێستی نیقابپۆش بەرامبەر پرسی نەتەوەیی**

گوفمان Erving Goffman پێی وایە کە تاکەکان کۆمەڵە هێمایەک بەکاردەهێنن لە پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا، ئەو هێمایانە دەبنە میکانیزمێک بۆ پێناسەکردنی خودی خۆیان و شوناسیان بۆ ئەوانی دیکە، ئەو هێمایانە بەرچاوڕوونییەک لای تاکەکانی دیکە دروست دەکات دەربارەی ئەو کەسانە، رەنگە جلوبەرگ بەشێکی سەرەکی بێت لەو هێما و نیشانانەی کە گوزارشت لە شوناسی تاکەکە دەکات و کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر دەبێت و جۆرە روئیایەکی پێ دەبەخشێت دەربارەی شوناس و ئایدیۆلۆژیای ئەو کەسە یاخود ئەو گروپە. بۆیە گوفمان پێی وایە جلوبەرگ تەنیا شوناس نییە، بەڵکو ستراتیژێکی کۆمەڵایەتییە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی و چۆنێتی تێروانینی ئەوانی دیکە بۆیان هەروەها چۆنێتی هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا. (Goffman, 1956, p. 34). تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوازی جۆراوجۆر گوزارشت لە هێما نەتەوەییەکانیان دەکەن، وەک ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، جلوبەرگی کلتووریی نەریتی، جەژنە نەتەوەییەکان، هونەر و ئەدەب، هەروەها بۆنە نەتەوەییە فەرمییەکان، ئەم هێمایانە هەستی ئینتیمای نەتەوەیی و شوناسی نەتەوەیی بەهێزتر دەکەن لای تاکەکانی کۆمەڵگە. هەرچی سەلەفییەکانن، زۆر جار هێما و بەها کلتورییە نەتەوەییەکان رەتدەکەنەوە بە هۆی نەگونجانیان لەگەڵ ئایین، ئەوان پێیان وایە کە هێمای نەتەوەیی دەمارگیری نەتەوەیی زیاد دەکات، لەبەرامبەردا ئینتیمای ئایینی لاواز دەکات و کاڵی دەکاتەوە، هەروەها بۆنە و جەژنە نەتەوەییەکان و جلوبەرگ و هێمای نەتەوەیی بە بیدعە وبەرهەمی مۆدێرنە ناودەبەن کە ئەمەش لە ئایینی ئیسلامدا رێگەپێدراو نییە و باوەڕی ئایینی تاک بە لاڕێدا دەبات لە ئەنجامدا لاوازی دەکات. (Haykel, 2009, P: 33-41).

لەمبارەیەوە بەشداربووی سێیەم دەڵێت: ((هەر هێمایەک لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامدا نەبێت، ئێمە ئیعترافی پێ ناکەین چونکە فیتنە و تەفریقە دەخاتە نێوان موسڵمانان و دابەشیان دەکات....)) هەروەها نموونەی حەوتەم دەڵێت: ((ئوممەی ئیسلام بانگەشە بۆ ئوممەیەکی یەکگرتوو دەکات کە خاوەن یەک رەمزە ئەویش رەمزی ئایینی، ئێمە ئامانجمان یەکگرتووی ئیسلامە لە سەرتاسەری جیهان، هەر هێمایەک لەو یەکگرتووییە دوورمان بخاتەوە ئێمە رەتیدەکەینەوە، ئایینی ئیسلام لەسەرووی نەتەوەیە......)). نموونەی هەشتەم بە ئاماژەی دەست پشتگیری قسەی هاوڕێکەی دەکات و دەڵێت: ((بەگەورە زانینی و پیرۆز زانینی هەندێ هێمای نەتەوەیی دەچێتە قاڵبی بیدعە و کوفر، پیرۆزکردنی هەر شتێک لە ئایینی ئیسلامدا هیچ قبوڵ نییە، تەنیا خودا و قورئان پیرۆزن، هیچ شتێکی تر پیرۆز نییە...)). بەشداربووی دووەم دەڵێت: (( جلوبەرگی شەرعی و ئایینی دیارە، لەهەموو جێیەکی دنیا یەک جۆرە، بە تایبەت نیقاب جلکێکی شەرعییە و داپۆشراوە، ئینجا جلی نەتەوەیی چی؟؟ مادام لەگەڵ دینی ئیسلام یەک ناگرێتەوە و حەرامە ئێمەش هەرگیز نەک لەبەری ناکەین، من هەر ئیعترافیشی پێ ناکەم، جگە لەوەی زۆر رووتە....)). بەشداربووی سیانزەیەم دەڵێت: ((جارێ هیچ لەوە گوناحتر نییە کە دەڵێن جەژنی نەورۆز، بەڕاستی گوناحە و کفرە، جەژن یەعنی جەژنی رەمەزان و جەژنی قوربان، نەورۆز نەک بەس جەژن نییە، هەر گوناحبارییە، ئاگر پەرستییە....)). بەشداربووی چوارەم قسەی هاوڕێکەی تەواو دەکات و دەڵێت: ((وەڵاهی ئەوەی بە نەورۆز بڵێ جەژن ئەوە خۆی کافر کردییە، خۆ هەر لە رێورەسمەکە دیارە، ئاگر پەرستییە، باشە بەس پێم بڵێ فەرقی چییە لەگەڵ بتپەرستی.....)). بەشداربووی دوانزەم دەڵێت: ((هەموو ئاهەنگێک بە بۆنە نەتەوەیی و نا نەتەوەییەکانیشەوە بیدعەیە، جارێ ئەو تێکەڵییەی لە نەورۆز و بۆنە بە ناو نەتەوەییەکان دەکرێت ئەوپەڕی تاوانباری و گوناهبارییە، هەر کوفرە....)).

sjh@univsul.edu.iq

سەبارەت بە ئاڵا وەک هێمایەکی نەتەوەیی بەشداربووانی فۆکەس گروپ راوبۆچوونی جۆراوجۆریان هەبوو، بەڵام زۆرینەیان هاورِا و کۆکبوون لەسەر ئەوەی پیرۆزکردنی ئاڵا، کەمکردنەوەیە لە بەهای ئایینی ئیسلام، چونکە هەموو ئەم هێمایانە هیچ پەیوەندییان بە ئایینەوە نییە بەڵکو بە پێچەوانەوە لە پیرۆزییەکەی کەم دەکەنەوە، ئەو رەمزە نەتەوەییانە دوورن لە ئایین و  هیچ کاتێک ئەوان ئامادە نین ئاڵایەک هەڵبکرێت وەک بەهایەکی پیرۆز هاوشێوەی  سەردەمی بتپەرستییە قسەی خۆیان، ئەمانیش بەشدار بن لەو پیرۆز کردنە یاخود قبولی بکەن. بەشداربووی یانزەم دەڵێت: ((هەستانە سەرپێ و تەحییە و سڵاو بۆ ئاڵا بە هیچ شێوەیەک جائیز نییە بۆ موسڵمان، نە بۆ ئاڵا نە بۆ هیچ رەمزێک بەناو نیشتیمانی یان نەتەوەیی...)). بەشداربووی یەکەم پشتگیری قسەکانی دەکات و دەڵێت: ((ئەم سڵاو و هەستانە بۆ ئاڵا بیدعەیە و رێگەپێدراو نییە و نە لەسەردەمی پێغەمبەر نە خەلیفە و ئەسحابەکانیش وجودی نەبووە، هەمووی بیدعەی قەومییەکانە و بەتەواوی دژی دینی ئیسلامە...)). هەروەها بەشداربووی پێنجەم دەڵێت: (( هەموو ئەم مەراسیمە نەتەوەییانە دژی شەریعەتی ئیسلامە و سوونەتی پیرۆزی پێغەمبەری خودایە، من نەک هەر خۆم بەشداری ناکەم لەو مەراسیمە، هەموو ئەوانەی دەیانناسم نەک بەس نیقابپۆشەکان، هەوڵ دەدەم ئەوانی تریش تێبگەینم لە مەترسی ئەم شتانە لە سەر دین و ئیمانیان، گوناحبار دەبن......)). بەشداربووی شەشەم دەڵێت: ((هەستان بۆ سروودی نیشتیمانی و ئاڵای نیشتیمانی یان نەتەوەیی کارێکی سەردەمی جاهیلی و هاوشێوەی بتپەرستییە، پێچەوانەی یەکتاپەرستییە، موسڵمانی راستەقینە هەموو ئەم شتانە رەتدەکاتەوە و حیسابی بیدعە و لەرێ لادانیان بۆ دەکات.....)). بەشداربووی نۆیەم دەڵێت: ((یەعنی سروودی نیشتیمانی و ئاڵای نەتەوەیی لە قورئان پیرۆزترە؟؟؟ ئێمە کە گوێ لە قورئان دەگرین راناوەستینە سەرپێ، بۆ دەبێ بۆ سروود ئەی رەقیب و ئاڵا بوەستین؟؟ هەمووی بیدعەیە و ئەوەی بۆی بوەستێتە سەرپێ گوناحبارە...)). هەرچەندە سەلەفیزم ئاراستەی جۆراوجۆری هەیە، دەتوانین بڵێین سەلەفییەتی جیهادی لەهەموو ئاراستەکانی دیکە هەڵوێستی توندترە بەرامبەر هێما و رەمزە نەتەوەییەکان بەتایبەت ئاڵا و سروودی نیشتیمانی، رەتکردنەوەی بە پیرۆز زانینی هەر هێمایەکی نائایینی سەرچاوەکەی بۆ پیرۆزیی (مقدس) دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی پیرۆزیی تەنیا بۆ خودایە و ناکرێت هیچ شتێکی دیکە بە گەورە و پیرۆز دابنرێت، لەهەمان کاتدا دڵسۆزی (ولاء) لە فەرهەنگی سەلەفیدا تەنیا بۆ ئوممەی ئیسلامییە نەک گروپی نەتەوەیی، بۆیە لای ئەوان هێما نەتەوەییەکان وەک جلوبەرگ و سروودی نیشتمانی و ئاڵا لەرووی شەرعەوە رێگەپێدراو نییە و ئەم جۆرە سرووتانە بە کردەی نا شەرعی یاخود نا ئایینی ناودەبەن و بە  بتپەرستی ئەیشوبهێنن.

لەمیانەی گفتوگۆی فۆکەس گروپدا، بەشێک لە بەشداربووان ناویان کوردی بوو، بەشەکەی دیکە  ناویان عەرەبی و عەرەبی ئایینی بوو، ئەوانەی ناویان کوردی بوو  لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد  و خۆزگەیان دەخواست کە ناوی ئەوانیش عەرەبی ئایینی بوایە، هەندێکیان دەیانگوت ئێستاش ئەگەر بۆیان بکرێت ناوی خۆیان دەگۆرِن بۆ ناوێکی عەرەبی ئایینی چونکە ئەو ناوە کوردییانە هیچ مەعنایەکیان نییە بۆیان، بەڵام ناوە ئایینییەکە بەهایەکی زۆری هەیە. ئەمەش ئەو تێگەیشتنەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە ئینتیمای نەتەوەیی لای نیقابپۆشان لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە و ناچێتە رێزبەندی بەهاکانیانەوە بە بەراورد لەگەڵ ئینتیمای ئایینی و شوناسی ئایینی. تێکرای ئەم باسە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە نیقابپۆشی وەک یەکێک لە هێماکانی ئیسلامی سەلەفی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر بە شێوەیەکی ئاشکرا یاخود نهێنی بێت، کاریگەرییەکی نەرێنی هەیە لەسەر شوناسی نەتەوەیی، چونکە لای ئەوان تەنیا شوناسی ئایینی باوەرِپێکراوە و شوناسی نەتەوەیی ئینتیما بۆ ئوممەی ئیسلامی لاواز دەکات،

بۆیە ئەوان کار بۆ شوناسێکی ئایینی جیهانی گشتگیر و یەکگرتوو دەکەن و شوناسی نەتەوەیی لە هاوکێشەکانیاندا بوونی نییە، لەهەموو بارێکدا، (دڵسۆزی) وەلائی ئایینی لە پێش وەلائی نەتەوەییە

**تەوەری سێیەم/ شوناسی ئایینی وەک تاکە شوناس لای نیقابپۆش**

شوناسی ئایینی و شوناسی نەتەوەیی لەو چەمکە بنەڕەتییانەیە کە تێگەیشتنی تاک بۆ خودی خۆی و گروپ و پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە دیاری دەکات، لەسەر بنەمای هەستکردن بە ئینتیما بۆ هەر فەلسەفەیەک یان ئایدۆلۆژیایەک، تاکەکان پێناسەی خودی خۆیان دەکەن، هەروەها شوناسی خۆیان دیاری دەکەن، جا ئەو شوناسە نەتەوەیی بێت، کۆمەلایەتی یاخود ئایینی. لە کۆمەڵگەی فرە کلتووردا کە خاوەن پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایینی ئاڵۆزە، زۆر جار کارلێک و تێکەڵبوون و پێکدادان لە نێوان شوناسی ئایینی و نەتەوەیی دروست دەبێت، لە ئەنجامی ئەم تێکەڵبوونە رەنگە یەکێک لەو شوناسانە بەهێزتر بێت و لە بەرامبەردا ئەویتر لاواز بێت. هنتکتۆن پێی وایە کە شوناسی نەتەوەیی لەبەردەم ئاڵنگارییەکی گەورەدا دەبێت، بەتایبەت لە ئەنجامی کاریگەری جیهانگیری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕاگواستن، کۆمەڵگە دەچێتە ڕەوشێکی ڕاگوزەر بەرەو کۆمەڵگەی فرە کلتوور و تێکەڵبوونی کلتووری هاوردە لەگەڵ کلتووری رەسەن، بەم هۆیەوە شوناسی نەتەوەیی دەکەوێتە مەترسی توانەوە، لێرەدا دووبارە شێوەگرتنەوەی ئەگەرێکی زۆر بەهێز دەبێت بەتایبەت لەسەردەمی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و کاریگەری فاکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و مێژووییەکان. (Huntington, 20024, p: 45). بەشداربوانی توێژینەوە لەمبارەیەوە بیروڕای جیاوازیان هەبوو دەربارەی هەستکردن بە ئینتیما بۆ نەتەوەی کورد و چۆنێتی تێگەیشتن لە پرسی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی، بەشێکیان پێیان وابوو کە پرسی نەتەوەیی دەستەواژەیەکی زیاتر سیاسیی و دونیاییە، بۆیە ناکرێت پرسێکی سیاسی تێکەڵ بە پرسێکی پیرۆزی وەک ئایین بکرێت، بێگومان بە بڕوای ئەوان ئایین لە سەرووی هەموو بەهاکانەوەیە، هەر بەهایەک بێتە ڕیزی ئایین، لای ئەوان فەرامۆش دەکریت، و بەهای ئایینی لە ڕیزبەندی یەکەمی بەهاکانەوە دەبێت، بۆیە زۆرینەی هەرە زۆریان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە تاکە ئینتیمایان بۆ ئایینی ئیسلامە و ئوممەی ئیسلامە، وەک بەشداربووی سێیەم دەڵێت: (( تاکە ئینتیمائم بۆ ئایینی ئیسلامە، من ڕاستە لە خێزانێکی کوردم، بەڵام بە بڕوای من ئیسلامبوون لە کوردبوون لە پێشترە....)). هەروەها بەشداربووی پێنجەم دەڵێت: ((نەتەوە بیرۆکەیەکی سەیر و سەمەرەیە، شتێکی نامۆیە کە لە ناخماندا دەیچێنن، ئێمە ئوممەی ئیسلاممان هەیە، ئیتر چ پێویستمان بە چەند دەوڵەتێکی بەناو نەتەوەیی لێک جیاواز هەیە؟؟؟....)). بەشداربووی حەوتەم دەڵێت: (( شوناسی نەتەوەیی شوناس و چەمکێکی سیاسییە، بەڵام شوناسی ئایینی شوناسی ڕاستەقینەیە و من هەرگیز خۆم نابینم بە بێ ئەو شوناسە، بەڵکو هەموو لایەنەکانی ژیانم لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو باوەڕە و ئەو ئیعتیقادە و ئەو دینەیە کە خوای گەورە دروستی کردووە و ئێمەی پێ پەسەندتر کردووە لە میللەت و نەتەوەکانی تر...)). بەشداربووی نۆیەم دەڵێت: ((سەرەتای پۆشینی نیقاب وەک ئێستا نەبووم، هەستم دەکرد وەک واجبێکە، بەڵام ئێستا خۆم بە بێ نیقاب نابینم، تەواوکەری کەسایەتیمە و تاکە شوناسمە....)). نموونەی توێژینەوە لە میانەی گفتوگۆی نێوانیاندا لەهەوڵی ئەوەدابوون بیسەڵمێنن کە نیقاب بە پێی ویستی خۆیان بووە و فریادڕەسی ئەوان بووە بۆ ئەوەی دونیابینییان لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام بێت، و پێیان وابوو کە ئەوان پێگەیان بەرزترە لە لای خودا هەروەها لە لای خەڵکیش چونکە ئەوان نموونەی ئاستێکی بەرزی پابەندبوونن بە فەرمانەکانی خودا.

sjh@univsul.edu.iq

بەشداربووی دوانزەیەم دەڵێت: (( نیقاب نەک تەنیا شوناسمە، بەڵکو پاسپۆرتە ناسنامەیە هەموو کەیانی منە، هەست دەکەم زیاتر ڕێزم لێدەگیرێ لە کۆمەڵگەدا، بۆیە دەڵێم ئایین سەرووی نەتەوە و خاک و هەموو پرسێکی دیکەیە...)). بەشداربووی چواردەیەم دەڵێت: ((نەتەوە دەسکردی مرۆڤە، لەهەر نەتەوەیەک بێت هیچ جیاوازی نییە و هیچ ئازایەتی و فەخرێکی تیدا نییە، بەڵام ئایین دروستکراوی خودایە، نیقاب تەنیا پارچە قوماشێک نییە، بەڵکو شوناسمە و ئایینی ئیسلام ناسنامەی منە...)). بەشداربووی دەیەم دەڵێت: ((نەتەوەی من ئایینی ئیسلامە، نەک سنوورێکی جوگرافی کە بێگانە دیاری دەکات و دەسەڵاتی تێدا دەبێت و کلتووری خۆی دەچەسپێنێت....)). بەشداربووی شەشەم دەڵێت: ((کە خەڵک نیقابەکەم دەبینن ڕاستەوخۆ دەزانن من ژنێکی موسڵمانی پابەندم بە فەرمانەکانی خودای گەورە، ئیتر نە پێویستم بە ئاڵایە نە بە ناسنامە بۆ ئەوەی بناسرێم، نیقابەکەم شوناسمە......)). ئەم بۆچوونە دەرخەری ئەوەیە کە نیقاب تەنیا جلوبەرگێکی شەرعی ئایینی نییە، بەڵکو دەبێتە بنەمایەک بۆ دیاریکردنی ئاراستەی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان، واتە ئەوان نیقاب دەپۆشن، شێوازێکی دیاریکراو لە کردەی کۆمەڵایەتی بەسەر کەسی بەرامبەردا فەرز دەکەن بەوشێوەیە بیر بکاتەوە کە ئەو نیقابە سنوورێکی نەخشاندووە بۆ پاراستن، هەروەها شوناسی کەسەکە زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت کە ئەمە کەسێکە تەنیا ڕەچاوی بەهای ئایینی دەکات و شوناسی خۆی بە ئایینەوە دەناسێنێت بۆ ئەوانی دیکە، بۆیە هیچ کاتێک پرسی نەتەوەیی بۆی گرنگ نییە و هەموو چالاکی و کردە و بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیا و دونیابینی ئەو لە باوەڕی ئایینییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەشداربووی سیانزەیەم دەڵێت: ((ئەو ئازادییەی نیقاب پێم دەبەخشێ هیچ نەتەوەیەک یان ئایدیۆلۆژیا و ئاڵایەک نایبەخشێ، نیقاب وەک بەشێک لە باوەڕی ئایینیم وەک شوناسم، کەرامەتم دەپارێزێت، نەتەوە دەگۆڕێت، بەڵام ئایین و باوەڕی ئایینی جێگیرە.....)). ئەگەر بکرێت بڵێین، نیقاب وەک هێمایەک بۆ ئیسلامی سەلەفی دەردەکەوێت و دەناسرێت، ڕەنگە زۆرێک لە وتەی و هێماکانی نموونەی توێژینەوەمان بۆ روون بێتەوە و لۆژیکی ڕەتکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی و پێداگیری لەسەر شوناسی ئایینی وەک تاکە شوناس ئاشکراتر بێت. سەلەفیزم کار بۆ بەرزکردنەوەی شوناسی ئایینی دەکات لەسەر حیسابی لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی، لای ئەوان دڵسۆزی (ولاء) تەنیا بۆ ئایینی ئیسلامە و ئوممەی ئیسلامە، و پێیان وایە کە نەتەوە دابەشبوونێکی سیاسیی و جوگرافی دروستکراوە کە دەبێتە سەرچاوەی تەفریقە و فیتنە و دابەشبوونێکی نەرێنی لە ناوخۆی ئوممەی ئیسلامیدا. بۆیە باوەڕدارانی ئەم هزرە، پرسە نەتەوەییەکان وەلاوە دەنێن و هەموو کاریان بەرەو ئاراستەی بەرزکردنەوەی بەهای شوناسی ئایینییە.

**ئەنجامگیری**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوە، دەکرێت بڵێین کە نیقابپۆشی تەنیا ڕواڵەتێکی ئایینی نییە، بەڵکو هێمایەکە چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کلتووری هەیە، بە شێوەی جیاواز کاریگەری دەبێت لەسەر شوناسی نەتەوەیی. نیقاب وەک هێمایەک بۆ شوناسی ئایینی لە لایەن ژنانەوە بەکاردێت بۆ نیشاندانی ئاستی قوڵیی پابەندبوونیان بە باوەڕی ئایینی ئیسلامی، ئەم تێڕوانینە دەبێتە هۆی زەقکردنەوەی شوناسی ئایینی بە بەراوورد لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی چونکە ڕەمزە ئایینییەکان زیاتر کاریگەرییان دەبێت لەسەر شێوەگرتنی شوناسی تاکەکان نەک ئینتیما نەتەوەیی و کلتوریی. هێما نەتەوەیی و کلتورییەکان لای نیقابپۆش بایەخێکی ئەوتۆی نییە چونکە بە پرسێکی سیاسی ومێژوویی دایدەنێن، واتە ناچێتە چوارچێوەی شتە پیرۆزەکانەوە و هاوشێوەی ئایین دروستکراوی خودا نییە، بەڵکو دروستکراوی مرۆڤە، لەهەندێ باردا، نیقابپۆشی دەبێتە هۆی پەراوێزخستن و لاوازکردن

و پشتگوێخستن دواتریش کاڵکردنەوەی هێما و بەها نەتەوەییەکان کە گوزارشتە لە شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش، هەروەها دەبێتە هۆی تیکەڵکردنی ئینتیمای ئایینی و نەتەوەیی. لەهەمان کاتدا نیقاب وەک هێمایەک بۆ ئاستێکی بەرزی پابەندبوونی ئایینی، لە قاڵبی تەنیا جلوبەرگێکی ئایینی دەردەچێت و دەبێتە سەرچاوەی دنیابینی و شێوازی ژیان و هەڵسەنگاندنی دەورووبەر و تەنانەت دیاریکردنی شێوازی کارلێکی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر نیقابپۆش، هەروەها وەک قەڵغانێک بەکاردێت بۆ وڵامدانەوەی تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەی بەهاکانی علمانییەت لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا کە بە بڕوای نیقابپۆشان ئایینی بەلاڕێدا بردووە و نیقاب وەک رەمزێکی ئیسلامی سەلەفی رۆڵی دەبێت لە ڕاستەڕێکردنی ئەو فۆرمە دینداریە باوەی کە خەڵکی عەوام پەیڕەوی دەکەن و بەهۆی علمانییەتەوە شێوێنراوە.

بەپێی تیۆرییەکەی کاستێلز دەربارەی شوناسی بەرهەڵستکاری (Resistance Identity)، دەکرێت بڵێین نیقاب وەک کاردانەوەیەک دەبێتە شوناسێکی بەرهەڵستکار بەرەورووی جیهانگیری و فشارە کلتورییە باوەکان، بۆیە بەشێک لە ژنان وەک میکانیزمێک بۆ بەهێزکردن و دووپاتکردنەوەی شوناسی ئایینییان بەکاری دەهێنن بەرامبەر ئەو بەها باوانەی کۆمەڵگەی مۆدێرن کە بە بڕوای ئەوان گەورەترین مەترسییە لەسەر بەهاکانی ئایینی ئیسلام و ئوممەی ئیسلامی. هەروەها هەڵوەشانەوەی شوناسی نەتەوەیی لای کاستێلز لە ئەنجامی جیهانگیری و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان رەنگە پاڵنەر بێت بۆ تاکەکان بۆ پشتگیریکردنی شوناسێکی لاوەکی وەک شوناسی ئایینی، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی کاڵکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی هاوبەش، لێرەدا نیقاب دەبێتە بەشێک لەو پرۆسەیە و وەک هێمایەک بۆ شوناسێکی ئایینی سنووربەزێن کە سنووری نەتەوە تیکدەشکێنێت و دەبێتە جێگرەوەی. رەنگە نیقاب ببێتە هۆی کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی و بەهێزکردنی شوناسی ئایینی، بە تایبەت ئەو کاتەی وەک هێمایەک بۆ بەرگریکردن بەرامبەر کلتووری کۆمەڵایەتی و ئایینی باو لە کۆمەڵگە بەکاردێت. ئەگەرچی کاریگەرییەکانی بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگۆڕێت، بۆیە وەک کاستێلز شیدەکاتەوە ، پەیوەندی نێوان ئایین و نەتەوە پەیوەندییەکی دیالیکتیکییە، ئایین دەکرێ ببێتە سەرچاوە بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی بە مەرجێک ئەگەر ئەم دوو چەمکە لە رووی بەها و ئامانج و فەلسەفەوە کۆکبن، بەڵام لەکاتی جیاوازیی و پێکدادانی بەهاکان لە نیوان ئامانج و بەهاکانی ئایین و بەهاکانی پرسی نەتەوایەتی، ئایین بەهێزترین فاکتەر دەبێت بۆ کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی، بۆیە نیقابپۆشی وەک رەمزێکی ئیسلامی سەلەفی، رۆڵی دەبێت لە کاڵکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی.

لیستی سەرچاوەکان:


سميث/ أنسيتازيا(2022)، تنظيم القاعدة وهيئة تحرير الشام ومستقبل الحركة الجهادية، أخر قراءة 10-2-2025 https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/tnzym-alqadt-whyyt-thryr-alsham-wmstqbl-alhrkt-aljhadyt?utm_source=chatgpt.com

الشريف، بشير(2018)، الإسلام ومسألة الحدود من خلال آيديولوجيا الجماعات، أخر قراءة 11-2-2025 https://journals.openedition.org/ema/4384?lang=en&utm_source=chatgpt.com




SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

-مجمع اللغة العربية(2004)، المعجم الوسيط، الطبعة الرابعة، القاهرة، دار الدعوة

ولد أباه، السيد(2010)، الدين والهوية إشكالات الصدام والحوار والسلطة، الكويت، جداول للنشر والتوزيع

Akter, N. (2017) 'Niqab wearing as an Islamic identity, cultural piety and women's empowerment: A phenomenological approach', International Journal of Ethics in Social Sciences.

Blundell, Sue. (1995). Women in Ancient Greece. Cambridge, MA: Harvard University Press

Braun, V., & Clarke, V. (2013). Successful qualitative research: A practical guide for beginners. London: Sage.

Bryman, A. (2016). Social research methods. 5th ed. Oxford: Oxford University Press.

Castells, M. (2010) The Power of Identity. 2nd ed. with a new preface. Malden, MA: Wiley-Blackwell.

Creswell, J. W. (2014). Research design: Qualitative, quantitative, and mixed methods approaches. 4th ed. Thousand Oaks, CA: Sage

Crone, Patricia. (1987). Meccan Trade and the Rise of Islam. Princeton, NJ: Princeton University Press

Goffman, E. (1956) The Presentation of Self in Everyday Life. Edinburgh: University of Edinburgh Social Sciences Research Centre.

Goffman, E. (1990). The Presentation of Self in Everyday Life. London: Penguin Books.

Haykel, B. (2009). 'On the Nature of Salafi Thought and Action', in Meijer, R. (ed.) Global Salafism: Islam's New Religious Movement. New York: Columbia University Press, pp. 33-57.

Huntington, S.P. (2004) Who Are We? The Challenges to America's National Identity. New York: Simon & Schuster.

Krueger, R. A., & Casey, M. A. (2015). Focus groups: A practical guide for applied research. 5th ed. Thousand Oaks, CA: Sage.

**Leila Ahmed** (1992). Women and Gender in Islam: Historical Roots of a Modern Debate. Yale University Press.

Lerner, Gerda. (1986). The Creation of Patriarchy. New York: Oxford University Press

Mernissi, F. (1999). The veil and the male elite: A feminist interpretation of women's rights in Islam. Perseus Books.

Ramaioli, M. (2023) 'Salafism as Gramscian informed vanguardism', Contemporary Islam: Dynamics of Muslim Life, https://doi.org/10.1007/s11562-023-00514-z

Roy, O. (2004). Globalized Islam: The Search for a New Ummah. New York: Columbia University Press

Smith, A. D., 1991. National Identity. London: Penguin Books

Weber, M. (1978) Economy and Society: An Outline of Interpretive Sociology. Edited by G. Roth and C. Wittich. Berkeley: University of California Press.

**ملخص الدراسة**

**ارتداء النقاب وإضعاف الهوية القومية: دراسة سوسيولوجية في محافظة أربيل**

تهدف هذه الدراسة إلى الكشف عن تأثير ارتداء النقاب على إضعاف الهوية القومية. استخدمت الدراسة المنهج الكيفي، وتم اعتماد المجموعات البؤرية كأداة لجمع البيانات. يتكون مجتمع الدراسة من جميع النساء المنقبات في محافظة أربيل، في حين شملت العينة (14) امرأة منقبة، منهن (6) من مدينة سوران و(8) من مدينة أربيل. استندت الدراسة إلى نظرية مانويل كاستيلز حول التأثير المزدوج للدين على الهوية القومية في العصر الحديث. وأظهرت النتائج أن النقاب، باعتباره رمزًا للإسلام السلفي المستند إلى الاعتقاد الديني، يؤدي إلى إضعاف الهوية القومية وتعزيز الهوية الدينية، خاصة عند تضارب الأيديولوجيات وتعريف المقدس. ففي الفلسفة الدينية، يتجسد المقدس في الولاء لله، بينما في القضية القومية، يتجسد في الولاء للأرض والوطن واللغة والعلم والرموز القومية.

**الكلمات المفتاحية**: النقاب، الهوية القومية، الهوية الدينية، الآيديولوجيا الدينية

**Study Summary**

**Wearing the Niqab and the Weakening of National Identity: A Sociological Study in Erbil Governorate**

This study aims to examine the impact of wearing the niqab on the weakening of national identity. A qualitative research approach was adopted, and focus groups were utilized for data collection. The study population consists of all veiled women in Erbil Governorate, while the study sample included 14 veiled women, six from the city of Soran and eight from the city of Erbil. The study is based on Manuel Castells' theory regarding the dual impact of religion on national identity in the modern era. The findings indicate that the niqab, as a symbol of Salafi Islam rooted in religious belief, contributes to weakening national identity while reinforcing religious identity, particularly in cases where ideological conflicts arise and definitions of the sacred diverge. In religious philosophy, sacredness is embodied in loyalty to God, whereas in national matters, it is expressed through loyalty to the land, homeland, language, flag, and national symbols.

**Keywords:** Niqab, National Identity, Religious Identity, Religious Ideology.